# یەک ڕێبوار شەیتانێکە، ودوو ڕێبوار دوو شەیتانن، ئەگەر سیان بن کۆمەڵێکن لە سەفەردان

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «یەک ڕێبوار (موسافیر) شەیتانێکە، ودوو ڕێبوار دوو شەیتانن، ئەگەر سیان بن کۆمەڵێکن لە سەفەردان».
[حەسەنە] [تورموذی گێراویەتیەوە - ئیبنوداود گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە - مالیك گێراویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئاگادارکردنەوەی تێدایە سەبارەت بە سەفەر کردن بە تەنها، یان دوو کەس بە تەنها، ئەمیش بۆ سەفەرکردنە بۆ شوێنە چۆڵەکان کە هیچ کەسێک پێیدا تێناپەڕێت. وهاندانی تێدایە بۆ سەفەر کردن لەگەڵ هاوەڵ وکۆمەڵ (جەماعەت)، سەبارەت بە نەهی کردن لە سەفەر کردنی یەک کەس بۆئەوەیە ئەگەر پێویستی بە یارمەتی بوو؛ کەس نییە یارمەتی بدات یان کاتێک کە مرد تووشی پیلانی شەیتان نەبێت، وسەبارەت بە نەهی کردن لە سەفەرکردنی دوو کەس بۆئەوەیە ئەگەر یەکێکیان تووشی شتێک بێت لەوەیە ئەوی تر بە تەنها هیچی پێنەکرێت ونەتوانێت وەکو پێویست یارمەتی بدات، بەڵام لە ئەمڕۆدا خەڵکی بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکات وڕێگاکان پڕن لە خەڵکی بۆیە ڕێبوار (موسافیر) بە شەیتان دانانرێت چونکە خەڵکی تر هەیە لە سەر ئەو ڕێگایە، وئەو ڕێبوارانە وەکو کاروانێک وان، وەکو ڕێگای نێوان مەککە وڕیاز یان ڕێگای نێوان مەککە وجیدە، بەڵام ئەگەر لە ڕێگایەک ڕێبوارەکە بە تەنها بێت وڕێبواری تر پێیدا تێپەڕ نەبێت ئەوا ئەم فەرموودەیە دەیگرێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5938

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee